الاتحاد العام اللاجئين العراقيين

**فیدراسیونی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی**

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQ REFUGEES-IFIR

# پەیامی دەشتی جەمال بە پەنابەرانی مانگرتوو لە سویسرا

## پەنابەرانی ئازیز ، هاوچارەنووسان

زۆر بەگەرمی دەستان دەگوشم و ماندوو نەبن  لەهیمەت و ریزی یەکگرتوانەتان لەپێناو کەم کردنەوەی هەرچی زیاتری دەرد و میحەنەتیك کەیەخەی بەژیانی پەنابەرانگرتووە، هاوکات خەبات ورەنجێك کەئێوە خستوتانەتە سەرشانی خۆتان تەنها رێگای باشکردنی ژیانی پەنابەران و بەهرمەند بوونمانە لە مافی نیشتە جێ بوون و ژیانێکی ئینسانی و بەدیهێنانی داخوازیەکانمان..

ئازیزان !

ئەم رۆژانە شاهیدی ئەوەن کە بزووتنەوەی پەنابەری لە زۆربەی وولاتە ئەورپیەکان بە هێزو پتانسیلێکی گەورەوە هاتووتە مەیدان و بە رابەرایەتی رێکخراوی خۆیان فیدراسیۆن لە وولاتەکانی سویدو ئەلمانیاو بەریتانیاوسویسرا ...ئەم بزوتنەوەیە هەرئێستا کاردانەوەی جدی  لە خۆی نیشان داوە دژ بەسیاسەتیکی نامرۆڤانە  کە دەولەتانی ئەوروپا بەرامبەر پەنابەران بەگشتی و پەنابەرانی کوردی عێراقی بە تایبەتی گرتویانەتە بەر. سایەتێك کەلەهەنگاوی یەکمیدا رووی لەگێرانەوەی بەزۆری پەنابەران کردووە. ئەم دەولەتانە کەبەدور لە هەر پرەنسیپێکی ئینسانی پشتیان کردۆتە بەها ومافە ئینسانیەکان دەیانەوێت لەرێگای دیپۆرتی پەنابەرانەوە هیچ بوارێك بۆ رێزگرتن لەمافی ژیان بۆ ئەو کەسانە نەهێلنەوە کە لەدەستی جەنگو داگیرکاری و نائەمنی و سەرکوت، ئاوارەبوون و بەناچاری هانایان بۆ ژیانی پەنابەریی هێناوە و بەدوای هەزار و یەك دەردەسەری لە یەکیك لەوولاتەکانی ئەوروپا نیشتەجێ بوون...

بەلام ئەگەر سەرێکی ئەم سیاسەتە وولاتە ئەورپییەکانە، سەرەکەی تری پالی داوە بە بەمامەلە ورێکەوتن و بەندو بەستێك کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیرەوی لێدەکات. ئەم دەسەلاتە کەبریاری داوە بۆ قازانج و مەرامی سیاسی و بازرگانی خۆی ئیمزا لەهەر وەرەقەیەکی سپی بدات، ژیانی ئێوەی پەنابەرانی کرۆدتە بارمتەیەك بەدوور لەبەرژەوەندیەکانی خەلکی کوردستان خەریکی پێشوازکردنە لەوەرگرتنەوەی پەنابەران وتەنانەت یەك جاریش ئامادەنییە کەتەنها یەك ووشە بە سوودی پەنابەران لەزار بکەوێتە خوارەوە و وەلام ئەو ئیداعایە پوچە بداتەوە کە کوردستان ئەمینە !

ئازیزان !

خۆپێشاندانی بەهێزی ئێوە لەشاری بیرن و مارشی شکۆداری ئێوە لە 17-11 بە پشتیوانی دەیان رێکخراوی پەنابەری و ئینسانی و خەلکی ئازادی خوازی سویسرا  پێداگریتان کرد لەسەر مافی پەرنابەری و مافی نیشتەجێ بوون و بەدەنگی بەرز هاوارتان کرد "برۆخەر برۆ ئێمە دەمینینەوە ! !".. هیشتا مانگێك بەسەر ئەم شیعارەی ئێوەدا تێنەپەریوە کەچی برۆخەر رۆیی و ئێوەش لەمەیداندا مانەوە...

بە دلنیایەوە فیدراسیۆن پەرچەمی ئینسانی لەپێناو خواستو داواکاریە ئینسانیەکانی ئێوەدا بەرز رادەگرێت، کەواتە پێویستە ئەم سەنگەرە بەتەواوی تواناوە بەهێز بکەین و هەموو پەنابەرانی بۆراکێشین تا مانگرتنو خۆپێشاندان و نارەزایەتێکانمان بکەینە بەردی بناغەی هەنگاونانێکی گەورە لەراستای نەك هەر پوچەلکردنەوەی سیاسەتی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران بەلکو بیکەینە رێگای بەدیهێنانی سەرجەم خواستەکانمان. خەباتیك ئێوە ئێستا خستوتانەتە رێ خەباتێکی مەدەنی و شارستانیانە و بگرە ئینسانییە..   هەر ئەم  تێکۆشان و یەکگرتووبوونەی زیاتری ریزەکانی پەنابەران لە دەوری فیدراسیۆن دەتوانی دوا بزماری خۆی بدات لەتابووتی هەرسیاسەتێکی نامرۆڤانەی دەولەتانی ئەورووپایی و ناچاریان بکات کەدان بەمافەکانماندا بنێن و بۆ هەتا هەتایە لە چاوەروانی بێ وەلامی و لەترسی زیندانیکردن و هەرەشەی گێرانەوەی زۆرە ملێ رزگارمان بێت..

دەبا لەهەر کۆی هەین فیدراسیۆن بەدەستەوە بگرین کۆمەکی پێ بکەین و بەهێزی بکەین.. سەرکەوێت خەباتی یەکگرتوانەی پەنابەران

**فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی**

**2007-12-19**

**IFIR:PO.BOX1575,ILFOD, IG1 3BZ, LONDON UK   Tel:0044 7856032991**
**00447895636633,0041787557786,004799387599,003584404464905**
**ifir2007@yahoo.com   d.jamal@ntlworld.com   www.csdiraq.com**
**www.federation.org**